NHS

Brighton and Hove
Clinical Commissioning Group

# زانیارییەکانی بەپەلە بۆ تەندروستی

## لە کاتی کێشەیێک کە ژانی سەر، سەرما خواردن یاخود خەرابوونی گەدەدا

**دەرمانگەرێک** لە کاتی ژانی سەر، سەرما خواردن، ئالەرژی، ژانی گەروو، خەرابی گەدە، کێشەکانی چەرم و کێشەکانی تری تەندروستی دەکرێت دیداری تایبەت، پێشنیاری پسپۆر و چارەسەرییەکاندا یارمەتیتان بدات. هەروەها پێوستیتان بە دیدەنی پزشکێک هەیە یان نا، لێتان پرس دەکرێت. بە سەردانی ناونیشانی www.nhs.uk دەتوانن دەرمانخانە بدۆزن. ڕاوێژکاری بێپارە یە. کە پێویست بکات لەوانەیە ئێوە بۆ دەرمان پارە بدەن.

بە ژوانەوە دەکرێت **وەرگێرانی بە ڕێگای تێلەفۆن** جۆر بکرێت – لە دەرمانگەری خۆ پرس بکەین.

## بۆ نەخۆشیکە نایەرێ

ئەگەر نەخۆشییێکتان کە ناپەرێ هەبێت، لەوانەیە پێوستیتان بە دیدەنی **GP (پزشکی پراکتیشنر)** بێت. لە برایتن (Brighton) و هۆڤ (Hove) 47نووسینگاکانی GP هەی و ئێوە دەبێ لە یەکێک کە لە شوێنی نێزیکتانە تۆماری خۆتان بکەین. بۆ دۆزینی نووسینگاکانی GP هەرە نزکتان و زانیارییەکانی پەیوەندی سەردانی وەبسایتی www.nhs.uk بکەن. زۆربەی نووسینگاکانی GP لە دوشەممەوە تا هەینی لە نێوان ساعەتەکانی 09:00 – 17:00 کراوەن.

لە کاتی ئێوە تۆمارتان لە یەکێک لە نووسینگاکانی GP دەکەن پاسپۆرتتان ئوو/یان بەڵگەکانی کۆچبەریتان و ئیسباتێک لەبارەی ئیقامەت کردن لە برایتن (Brighton) و هۆڤدا (Hove) (بۆ نموونە فاتۆرەیێک یان بەڵگەکانی قوتابخانەی زمان) پێوستە لاتان بێت. نووسینگای GP زانیاری پێتان دەدەت و ژوانەکە جۆر دەکات.

**وەرگێرێکی کۆمەڵگای SIS** دەتوانە هەموو خزمەتگوزارییەکان لە برایتن و هۆڤ دابین بکەن. تکایە لە کاتی ژوانەکەتان جۆر دەکەن ئەمەیان بیبانخوازن.

لە پاش حەوتەیان لە نێوان ساعەتەکانی18:30 - 08:00، **لە دەرەوەی ساعەتەکانی کار کردن** بە تێلەفۆن **کردنی بۆ 111** دتوانین لەگەڵ **GP** پەیوەندی ببەستن. گەران بێپارەیە.

**<u>پێوستیتان به دیدەنی پزشک هەیه بەڵام تۆمارتان نییه؟</u>**

که پێوستیتانی دیدەن لەگەڵ پزشکێک هەبێت بەڵام تۆمارتان له نووسینگای GP نەبێت بەبێی وەرگرتنی ژوان دەتوانن بچنه **ناوەندی تەندروستی وستگەی برایتن** (**Brighton Station Health Centre**). هەموو ڕۆژێ له نێوان ساعەت 08:00 - 20:00 کراوەیه. ناونیشان:
84-87 Queens Road, Brighton, BN1 3XE تەلەفۆن: 01273 203058

ناوەندی تەندروستی وستگەی برایتن( Brighton Station Health Centre)، به ڕێگای خزمەتی ڕەوشی بەپەلەی SIS **دەتوانه وەرگێڕێکی کۆمەلگایی SIS** جۆر بکات؛ تکایه له ڕەسەپشنیست بیپانخوازن.




**<u>ڕاوێژکاری به تێلەفۆن</u>**

ئەگەر خۆتان خەراب هەست دەکەن، تە تیلەفۆنی ژمارەی 111یەوە له **NHS 111**پەیوەندی ببەستن و له تیلەفۆندا دەتوانن پێشنیارەکانی پزشکی وەربگرن. بەرپرسیارەکان دەتوانن بڵێن پێوستیتان به دیدەنی پزیشک، ڕۆیشتن بۆ نەخۆشخانه یان له ماڵه پەرستاری خۆتان بکەن هەیه یان نا.

**وەرگێرەکانی به ڕێگای تێلەفۆن** هی NHS 111 هەن؛ کاتێ لەم خزمەتا دەگەڕن – ئەو زمانەی که دەتاوەنێت به کار دهێنن ڕابگێنن.

**<u>له بارەی درانتان کێشەیێک هەبێت</u>**

ئەگەر پێوستیتان بە پرستاری دران هەیە پێوستە لە کن **درانسازێک** تۆمارتان ئەنجام بدن. بۆ لیستەیێکی درانسازانی NHS سەردانی وەبسایتی www.nhs.uk بکەن. پێوستی بەپەلەتان بە پەرستاری دران هەبێت دەتوانن لەو ژمارەیە بگەڕن؛ 0300 1000 899

مقداری پارەدانی دەرمان کردنی دران دەتوانە لەم ناونیشانەدا دەکرێت بدۆزرێت: http://www.nhs.uk/NHSEngland/AboutNHSservices/dentists/

**<u>لە کاتی نەخۆشییێکە هەڕەشەی بۆ ژییان بکات یان ڕووداوێکی قەزایێک جددی هەبێت</u>**

ئەگەر نەخۆشییێکە هەڕەشەی بۆ ژییان بکات یان ڕووداوێکی قەزایێک جددی هەبێت، ئێوە دەتوانن لە نەخۆشخانەی ناوچەی سووسەکس (Royal Sussex County Hospital) **سەردانی بەشی ڕەوشی قەزا و بەپەلەیی (accident and emergency department)** بکەن یان بۆ **خزمەتی ئیسعافی لە 999 (999 ambulance service)** بگەڕن. لە کاتی ئێوە لە 999 بگەڕن و ڕوودانی قەزای بەپەلە تییان بگەیێنن، بۆ جێگای کە لێن ئامبوولانس دەنێردرێت. بۆ دۆزینی نزکترین بەشی قەزا و بەپەلەی ڕووداو سەردانی ناونیشانی وەبسایتی www.nhs.uk بکەن.

خزمەتی ڕەوشی بەپەلەی 24 ساعەتی SIS لە نەخۆشخانەدا دەتوانە **وەرگێرانی کۆمەڵگەیی** دابین بکات – تکایە بییانخوازن.